نووسینی د . زاهیر سوران
ستۆکهۆڵم

# یەکی دیسەمبەر ، ڕۆژی جیهانی ئەیدز .

زێدەتر لە 20 ساڵە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا سەرقاڵی لایەنێکی گرنگی تەندروستی دانیشتوانن ئەویش بریتییە لە هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV و نەخۆشی ئەیدز .
هەرچەندە سەرەتا ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکە گیروگرفتێکی گەورەی تەندروستی چەند وڵاتێك بوون وەلێ پاش پلاندانانی زانستیانە (دوور لە تاکرەوی و پێشێلکردنی ماف نەخۆش) لە مەڕ چۆنیەتی ئاگادار کردنەوەی دانیشتوان ، خۆپاراستن لە ڕێگاکانی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە ، تا ڕادەیەکی باش ئەو وڵاتانە توانیان دەست بە سەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەدا بگرن .
ڕۆژانە لە دنیادا ژمارەیەکی نوێی تووشبە یە ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکەش دەستنیشان دەکرێت و بە تەواوی نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت بەڵام تا ڕادەیەکی باش ژمارەی تووشبوی نوێ ی تۆمارکراو کەمبوونەتەوە ، تەنیا لەو وڵاتانەدا نەبێت کە کەمتەرخەم بوون و نەیانتوانیوە زانستیانە دانیشتوان لە ڕێگاکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە ئاگاداربکەنەوە .
هەژاری هەندێ وڵات ، گەندەڵی کاربەدەستانی حکومەتەکان ، نەبوونی پلانێکی زانستیانە ، نەبوونی بوجەیەکی تایبەت بۆ ئاگادارکردنەوە و خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە چەند وڵاتێکی دی دووچاری ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکە کردووە و زیانێکی گەورەی ئابووری و تەندروستی بەو وڵاتانە گەیاندووە .
هەمووان دەزانن کە ڕۆژانە ڤایرۆسەکە لە بڵاوبوونەوەدایەو هیچ جیاوازییەك ناکات لە نێوان تەمەن ، ڕەگەز ، نەتەوە ، وڵات و ئایندا . لە لایەکی ترەوە ڕۆژانە پسپۆرانی ئەم بوارە لە هەوڵ و تێکۆشاندان بۆ دیاریکردنی لایەنە دەرنەکەوتووە نەزانراوەکانی ڤایرۆسەکە ومیکانیسمی نوێ بۆ دروستکردنی کوتانێك بۆ ئەوەی مرۆ خۆی پێ بکوتێت و تا تووشی ڤایرۆسەکە نەبێت ، هەوڵدانیش بۆ دروستکردنی دەرمانێك (ئەنتیڤایرۆس) بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە بکوژێت بەردەوامە .
هەرچەندە سەرکەوتنی باش ئەنجامدراوە بەڵام کۆسپەکانی ڕێگای سەرکەوتن زۆرن و پێویستییان بە گرنگیدان ، کات و خەرجی زێدەتر هەیە .
گەر بێت و چاوێك بە ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (ر ت ج) دا بخشێنێن ئەوسا بۆمان روون دەبێتەوە کە لەم 5 ساڵانەی دوواییدا ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە لە چەند وڵاتێکی نوێدا زۆر زێدیکردووەو و ئەمەش جۆرێك مەترسی و نائارامی بۆ پسپۆرانی پەتازانی ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکەش پەیداکردووە .
ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ئامارانەی کە ر ت ج بڵاوی دەکاتەوە ئەو ژمارە و ئامارانەن کە تۆمارکراون و گەیشتۆتە دەستی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە نێو نەتەوەییە . وەلێ ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە و ژمارەی ئەیدزدارانی تۆمارنەکراوی دنیا نازانرێت .

**له 21 ی نۆڤەمبەری ئەمساڵدا (ر ت ج) رایگەیاند کە :** (2)

1- ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ساڵی 2005 دا کە ڤایرۆسی نێوبراویان هەیە لە نێوان 36.7-45.3 ملیۆندایە واتە نزیکەی 40.3 ملیۆن .

- لەو 40.3 ملیۆنەی سەرەوە 38 ملیۆنیان گەورە ساڵان بوون .

- نزیکەی 17.5 ملیۆنیان ئافرەت بوون .

- نزیکەی 2.3 ملیۆنیان منداڵ بوون .

2- ژمارەی ئەو کەسانەی لە ساڵی 2005 دا تووشی ڤایرۆسەکە بوون 4.9 ملیۆن مرۆڤن .

لەو ژمارەیەی سەرەوە نزیکەی 4.2 ملیۆنیان گەورە ساڵان بوون و 700 هەزاریان منداڵ بوون (ژێر 15 ساڵانەوەن) .

3- ژمارەی ئایدزدارە مردووەکانی ساڵی 2005 بریتیین لە 3.1 ملیۆن نەخۆش .

لەوانە 2.6 ملیۆنیان گەورەساڵان بوون و 270 هەزاریان منداڵ بوون (ژێر 15 ساڵانەوەن) .




**دابەشکردنی مەزندەکراوی تووشبوانی ڤایرۆسی HIV لە دنیادا:**(3)

1- ئەمێریکای باکور 1.2 ملیۆن .

2- کاریبی 300 هەزار .

3- ئەمێریکای باشوور 1.8 ملیۆن .

4- ناوەراست و رۆژئاوای ئەوروپا 720 هەزار .

5- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا 510 هەزا .

6- باشووری ئەفریقا 25.8 ملیۆن .

7- رۆژهەڵاتی ئەوروپا و ناوەراستی ئاسیا 1.6 ملیۆن .

8- رۆژهەڵاتی ئاسیا 870 هەزار .

9- باکوری رۆژهەڵاتی ئاسیا 7.4 ملیۆن .

10- ئۆقیانوس 74 هەزار .

**بە پێی ئامارە بڵاوکراوەکانی ر ت ج ئەو وڵاتانەی کە لەم 5 ساڵانەی دووایی دا دانیشتوانیان زێدەتر تووشی ڤایرۆسەکە بوون بریتین لە هەندێك وڵاتانی ئاسیا وەك چین ، ئیندۆنیسیا ، وڵاتانی کۆنی**

**سۆڤیەت بە رووسیاشەوە ، ولاَتانی رۆژهەلاَتی ناوەراست و دراوسێیەکی باشووری کوردستان ئەویش بریتییە لە ئێران .**
**ئەوەی جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە هەرچەندە ڤایرۆسەکە بە دەگمەن لە نێو باشووری کوردستاندا هەیە وەلیَ لە رۆژهەلاَتی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لاوی کوردی دانیشتوانی شارەگەورەکانی سنە، سابلاَخ ، کرماشان و ورمیَ بە هۆی ماددە بێهۆشکەرەکانەوە تووشی ڤایرۆسەکە بوون ، وا پێدەچێت کە ئەوەش جۆرێك بێت لە کەمتەرخەمی حکومەتی ولاَتەکە . لەبەرئەوەی بە پێی توێژینەوەکانی** (1) **لە سالاَنی** 2002–2003 **دا نزیکەی** 200.000 **مرۆ لە ئێراندا تووشی ڤایرۆسەکە بوون و زۆربەی زۆریان ئەو کەسانەن کە ماددە بێهۆشکەرەکان لە رێگای دەرزی خوێنهێنەرەوە بە کاردەهێنن .**

**تەنینەوە یان بلاَوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە رۆژهەلاَتی کوردستاندا مەترسیدارە بۆ بلاَوبوونەوەی لە باشووردا لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە :**
1– **رۆژانە پەیوەندییەکی چری هاتووچۆ لە نێوان هەروو بەشەکەی کوردستاندا هەیە .**
2– **کۆنترۆلَنەکردنی زانستیانانەی هەلَگران یان تووشبوانی ڤایرۆسەکە .**
3– **نەبوونی بوجە و پسپۆری تایبەتی بواری ڤایرۆسزانی (بە تایبەتی ئەیدز) لە هەردوو بەشەکەدا .**
4– **هێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان بە رێگای قاچاخ بۆ باشووری کوردستان .**
5– **نەبوونی سیاسەت و یاسای پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە لایەن کاربەدەستانی کوردستانەوە .**
6– **نەبوونی ئینستیتوتێکی کوردی بۆ کۆنترۆلَ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان .**

**پێویستە حکومەتی هەرێم بە رێکوپێکی و بیَ دواکەوتن بە خۆیدا بچێتەوە و گرنگی و بایەخێکی تایبەتی و گونجاو بەم بوارە گرنگەی تەندروستی دانیشتوانی کوردستان بدات بە مەرجێك بە تۆپزی تێستی هیچ کەسێك نەکرێت .**
**لەبەرئەوەی بە زۆرەملی و بە مەبەستی تۆلَەسەندن یان سووکایەتی پێکردن لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە کارێکی نایاساییەو بە پێی یاسای نێو دەولَەتی پێشێلکردنی زەق و ناشارستانیانەیە دژ بە ماڤی مرۆڤ بە تایبەتی ماڤی نەخۆش یان ئەیدزدار .**
**گەر ئێمە بمانەوێت کۆنترۆلی کۆمەلَگاکەمان بکەین و نەهێلَین لاوانمان تووشی ڤایرۆسەکە ببن و رێژەی نەخۆشی و تووشبوون کەم بکەینەوە پێویستە کەسانی پسپۆر بە پلانێکی دارێژراو کاری بۆ بکەن ، بە پێچەوانەشەوە هەموو کەمتەرخەمییەك لەم بوارەدا دەبێتە هۆی کارەساتی گەورە بۆ لاوانی ئەمرۆ و نەوەکانی دواڕۆژ لەوانەیە ئاسایشی نەتەوەی نەك باشوری کوردستان و بگرە هەموو کوردستانی گەورەش بخاتە مەترسییەوە !!**

**سەرچاوەکان**


1. Zamani s. et al.2005 prevalence of and factors associated with HIV-1 infection among drug user visiting treatment centers in Tehran, Iran. AIDS, 19:709-716.
2. www.unaids.com. (C) 051128
3. Aids epidemic update, special report on HIV prevention, december 2005.
4.www.peyamner.com (C) 041220